هەرکەسێک ناوی بە حەجی ساڵی 2025 دەرچوبێت و مامەڵەکانی تەواو نەکردبێت دچێتە ڕیزبەندی یەدەگ

بەوەبەرایەتی گشتی حەج و عومرەی هەرێمی کوردستان داوا لە هاوڵاتیان دەکات، هەرکەسێک ناوی بە حەجی ساڵی 2025 دەرچوبێت و مامەڵەکانی تەواو نەکردبێت، ئەوا بەپێی ریزبەندی ناوی (یەدەگ)ـی دەرچوو لەشوێنی ئەوان دادەنرێت.

بەوەبەرایەتی گشتیی حەج و عومرەی هەرێم ڕایگەیاند، "ئاگاداری ئەو هاوڵاتیانە دەکەین کە ناویان لە پێرسی حەجی ساڵی داهاتوودا هاتووتەوە، وادەی دواخستن و لەجێدانان کۆتایی هاتووە، بۆیە داوا دەکەین هیچ کەسێک بە مەبەستی دواخستنی ناوەکەی یاخود لە جێدانان (تنازل) سەردانمان نەکات".

ئەوەش هاتووە، بەپێی ئەو سیستمەی لە بەغدا کاری لەسەر دەکرێت، هەموو ناوەکان دەبێت بەر لە 1ـی 2025 بخرێتە ناو سیستمی ئەلیکترۆنییەوە و هیچ ئۆگرێک بە لە جێدانان و دواخستن نەماوە.